# داستانی چەواشەیی و مێژووی چەواشە بوون* ....!

ئەوەی پێشی بەختەوەری بەگەلەکەم بگرێ بە
هونەرەکەم بەهەموو ژیانم
بەگژیدا دەچمەوە ( یەشار کەمال)



سەرکەش / ئوپسال/ سوید
a_sarkash@hotmail.com

شایەتی دەدەم.....
کەس لەئێوە چەواشە کەرترنییە!!
شایەتی دەدەم.....
کەس لەئێمە چەواشە کراوترنییە!!
ئێمە
چەواشە کراوی
ئێوەی
چەواشەیین.

*** *** ***

ئێوەی بلیمەت
بێ وێنەن
بێ هاوتان
لە چەواشەکاری.
ئێوە
ڕاستییەکان
بە درۆ
درۆکان
بەڕاستی
لینگاوقوچ
چەواشە دەکەن

*** *** ***

ئەمڕۆ
بۆ ئێوە،
چاخی زێڕیینی چەواشە کردنە،
خۆشی لەخۆتان!!
سەردەم و
هەڕەتی چەواشە کاری.

*** *** ***

ئێمە
بەدەستە پیرۆزە،
نوورانییە،
میهرەبانەکانی
ئێوە
ڕەنگ کوێرکراین
لەسەردەمی
شەڕە پەڕۆ و
شەڕە ڕەنگ.
ئەمێستا
ڕەنگ کوێرین و
ڕەنگەکان
نابینین،
هاوار لەخۆمان.

*** *** ***

ئێمە
بە هات وهاواری
ڕیاکارانەی
ئێوە
بە ووتار و
ڕاگەیاندنە
جەرگ بڕ و
بەندی دڵ پسێنەکانی

ئێوە
لە ڕۆژگاری ڕەشی
دوای
هەرەس و
ئاشبەتاڵە
ناوەختەکانتان
کەڕ وکاس
دەکراین
بۆیە
ئەمڕۆ
دەنگەکان
نابیستین.

*** *** ***

ئێمەی
چەواشەبوو
لە شوێن و
کات
دابڕاو
ڕابردوومان،
ئەمڕۆمان،
ئایندەمان،
تەم و
مژاوی
لێواو
لێوە
لە گومان و
بڕوا نەبوون
بەخۆ.

*** *** ***

ئێمەی
چەواشەبوو

له شوێن و
کات
دابڕاو
ڕابردوومان،
ئەمڕۆمان،
ئایندەمان،
لەسەر پشتی گا
له سەرقۆچی گا
وەستاوە
ڕۆژئاوا،
ڕۆژهەلات،
باکور،
باشورمان،
دابەش و
لەیەکتر
دابڕاو
هەریەک
لەکلاوێک.

*** *** ***

لای ئێمەی
چەواشەبوو
قسە،
بێکەلکە....
بێ تامە ...
پڕووپوچ.
بێ دەنگی،
شەرمنی،
پڕ سوودە.
لای ئێمە
جوانی،
دزێوە و
ناشیرین.

لای ئێمە
خیانەت نەکردن،
خیانەتە و
سەرشۆڕی.
لای ئێمە
خایینی،
پیرۆزە ...
موعتەبەر.
ئێمە
ئەهریمەن،
بەخودا
ئەهوارمەزداش
بە ئەهریمەن
دەبینین.
ئێمەی چەواشەکراو
نەزان
بەگەورەو
سەردار
دەزانین.
گەورەو
سەرداریش
بەگێل،
نەفام،
گەوج
تێدەگەین.

*** *** ***

ئێمە
چەواشەبوون
بە ڕاستە ڕێ و
ڕێ بەدەری
دەخەملێنین.
ڕاستە ڕێ و

ڕێ بەدەریش
بە گومرایی
بیرکولی.
لای ئێمە
نەزانین، خورافات.
ڕووناکی و
ئاسۆی،
هەتاوی زێڕکفتە.
لای ئێمە
ئاسۆی ڕووناکی هیواوئاواتیش
شەوی تار
تاریکی
شەوێکی
ئەنگوستەچاو
شەوێکی
ڕەش ڕەشی قەترانی.

*** *** ***

ئێمە
چەواشەین
لەوەساوە
کە دەبووینە
گوللەی تفەنگە،
ژەنگنەکانتان.
ئێمە
چەواشەین
لەوەساوە

که دەبووین
بە سێبەی
حەسانەوەتان
لە سەخت ترین
چرکەسات،
لە دژوارترین
ڕۆژگاردا.
ئێمە لەو ڕۆژەوە
چەواشەین
کە بەنانی ڕەق
هێرشمان
دەبردەسەر
دێوەزمەی لەشکری ڕەشەبا،
لافاوی دەبابە،
باهۆزی کۆپتەر و
گەرداوی فڕۆکە.
ئێمە
لەو ڕۆژەوە چەواشەین
کە هامێزی گەرمی خاوو خێزانمان
بۆ ئێوە
والا بوو.
خوێن و
کاسە سەرمان
بۆ ئێوە
کالا بوو
کالای
هەرزان بەها.
پێستەمان ئالا بوو
بەسەر حکومەتی خەیالی ئەمڕۆتان.
ئێمە
لەو ڕۆژەوە چەواشەین
کەباکی
زیندان و

داری سێدارمان
نەبوو.
ئۆردوگای زۆرەملێ و
ڕاگوێزان
گۆڕی بەکۆمەل،
ئەنفال وقڕکردن،
گازی ژەهر،
سەرکەشی
ئێمەی نەدەپێکا.
ئێمە
لەو ڕۆژەوە چەواشەین
کە ئێوەمان
ڕەهبەر و
ئێوەمان
تاجی سەر.
ئێوەمان
مەزنتر
لە هەموو.
ئێوەی
ئاغا و
سەردارو
میرو
بەگ و
شێخە
مەزنەکانمان.
هەرچیتان دەفەرموو
وەک ئایاتی
قورئان و
فەرموودەکانی محەمەد
پیرۆز بوون.
ئێوە
دەتان فەرموو
سی ئای ئەی

ساواک
موخابەرات
میت
ڕەحمەت.
ئێمەش
هەموومان
وەک بەندە
وەک کۆیلە
بەیەک دەنگ وتێکڕا
دەمانگوت
ڕاست ییژن
ڕاست ئەکەن
سی ئای ئەی
ساواک
موخابەرات
میت
ڕەحمەت.
دەتانگووت
هەلە بووین
سی ئای ئەی
ساواک
موخابەرات
میت
نەفرەت.
ئێمەش
هەموومان
وەک مێگەل
دەمانگوت
ڕاستەو دروست
وەبالتان
بەملمان

سەد نەفرەت.
جارێکی تر
دەتان فەرموو
هەلە بووین
سەد ڕەحمەت.
ئێمەش
هەمووومان
پێکەوە
زۆر ڕاستە
سەد ڕەحمەت.
دەتان فەرموو
چەپ پیرۆز
تاکە ڕێ.
دەمانگوت
ئافەرین
چەپ پیرۆز
ئەو شاڕێ.
دەتانووت

نا نـــــــا
هەلە بووین
چەپ بڤە چەپ لاڕێ.
دەمانگوت
بێ گومان
چەپ بڤە چەپ لاڕێ.
دەتانگوت
پشت بەخۆ...
بەهێزی جەماوەر.
هەرخۆتان،
ڕاستی ئەم درۆشاخدارە و
درۆی ئەم ڕاستییەتان
سەدان جار
پێچەوانە
دەسەلماند.
هەر ئێوە
دەبوونە
دووژمنی عێراق و
ناوی عێراق و
ئالای عێراق و
خاکی عێراق و
بوونی عێراق.
شەڕی
خۆترپێنی
هەموو عێراقتان
بەخوێن و
فرمێسک و
کەللەسەری
ئێمە
بە ئارەقەی نێوچەوانی
ئێمەوە
دەکرد.
عێراقی و

عێراقچییەکانتان،
دەگرت و
دەکوشت و
بۆ پەنگ و
وانەش
سەری تان دەتاشی،
جامێ ماستتان پێدادەکرد،
دێ بەدێ
بەسەر پشتی کەرەوە دەتانگێڕا.
کەچی ئەمێستا
عێراقچی و
عێراقییەکی
عەیار بیست وچوار
خۆتانن.
بۆ ئێمە و
لەبەر خاتری
چارەنووسی نادیاری
ئێمە نا.
بۆ کورسی دەسەلات
بۆ گیرفان و
پارووی چەور
بۆ دیدەنی سەرۆک بۆش
بۆ دیدەنی عەمر** عرووبە
بۆ ئەوان.
بۆ ئووممەی عەرەبی و
بۆ ئووممەی ئیسلام
بەگیان و
بەجەستەی سەلاحەدینی
سەردەمی ئینتەرنێت.
ئێوە
کەرکوکتان
بەدلی کوردسان
دانا بوو.

ئێوە
کەرکوکتان
بەقودسی کوردسان
دەچواند.
کەچی،
ئەمێستا
سەری ئێوە
سەلامەت
کەرکوک
شارێکی عێراقە
شارێکی عێراقی
تاقانە و
تاقە
بەسیمای دزێوی عێراقی بوونییەوە.
شارێکە
دل و قودس و
ئەندەلووسی
عەرەب و ئیسلامە.

*** *** ***

ئێوە
مامۆستا،

عالیم،
موننەوەر،
فەیلەسوف + چەواشەیی
ئێمەش
مورید،
دەروێش،
بەندەی گوێ لەمست،
شاگردی گوێ ڕایەل + چەواشەیی.
ئافەرین بۆ ئێوە
کە دووگوونتان لەسەر ملمانە و
لێمان دەخوڕن
وەک کەرو گا.
ئافەرین بۆ ئێمەش
( بارەبەر....
بارەگوێز لەسەر پشتمانەو خڕەی نایە....)
ئێوەی
سەرۆک و
سەرکردەو
ڕابەر و
پێغەمبەر
سالانێکی
دوورو درێژ
شەڕی ئەستێرەکانتان
لەنێو گەڕەکە
بەدبەخت نشینەکانی
ئێمەدا
بەچەواشەیی
دەکردە
گەروومان
دوایش
دەبوونە
کۆتری ئاشتی و
وەک ماندێلا

وەک گاندی
خۆتان دەردەخست.
هەربژین ئێوە
بۆ ئێمە
کەئەمڕۆ
دوای دونیایەک
مەرگەسات
دوای دونیایەک
کارەسات
بوونەتە
فریشتەی دێموکرسی
نانی ووشک و
دێموکرسی چەواشەمان
دەردخوارد دەدەن.
برسێتی و
بێکاری و
دێموکرسی چەواشە.
گرانی وقات وقڕی و...
بێ کارەبایی و
بێ ئاوی و
دێموکرسی چەواشە.
ئافەرین بۆ ئێمەش
مەحکومی چەواشەیین و
هەمیشە مالوێرانی
لەڕێمانە
لە قاپی دەرگەمانە
لەسەر سفرەی
خالی ناوەختمانە و
سلاو لە مەرگ دەکەین
لێفەی شڕی
ئەییوب بەخۆدادەیین
لەژێر ڕەحمەتی
ئیمریاتۆرییەتی

نا دیموکراتیکی
هەولێرو
سلێمانی
خەو بە شاری خەونەکانەوە دەبیین
کە هەرگیز
بۆئێمە نابن.
سروودی
نەمری بەگیانی ئێوە
دەچڕین،
مارشی مەرگ و
نەمانیش بۆ خۆمان
لێدەدەین.

*** *** ***

ئێوە لە ئەزەل
وەک ئەمیبا
دووانە بوون
بەدووانەیی لەدایک بوون.
ڕۆژگارێک
بوون بەیەک
بە
یەک کۆلەمشت.
بۆ ووردو خاشکردنی
ناودەمی
ئێمەی بەندەوار
ئێمەی عەبدی
ئالقەلەگوێ.
نەک
ناودەمی داگیرکەر.
کاتێکیش
وەڕەس بوون
لەیاریی منالانەی
جێگری و مێگری
لەبەزم وڕەزمی
فیفتی
فیفتی
بوون بەدوو
وەک
دەوری هەوەرێ.
ئێمەش
دوو چاومان شک دەبرد....
هەریەکە و
یەکێکتان دەرهێنا.
ئێوە بوون بە دووان
ئێمەش
تەنیا دوو گوێچکەمان
پێوە بوو

هەریەکە و
یەکێکتان
بۆخۆتان
خەڵەتان.
ئێوە دووان بوون
ئێمەش دوو دەستی قلێشاو
هەریەکە و
یەکێکتان کرد بەچەک،
بە چەپڵە،
بەقەڵەم،
بەدەهۆڵ،
بە زوڕنا.
ئێوە دووان بوون
ئێمەش دووقاچی
ڕەق و تەق
هەریەکە و سواری لاقێک بوون.
لەشەڕی
شەرم ئامێزی ناوخۆدا
لەشەڕی
شەرمەزارانەی
یەکتر
سڕیینەوە.
ئێوە دووان و
نەگبەتیش وادەبێ
ئێمە
یەک دل و
یەک مێشک و
یەک دەم بووین.
دەخوازن
ئەم یەک
دەم و
یەک دل و
یەک مێشکەمان

کەرت بکەن
لەت بکەن
دابەشکەن
وەک
گومرگ و
داهاتەکان
وەک بانک و
دەسەلاتەکان.
وەک پەرلەمان و
حکومەت.
وەک کەرکوک و
ناوچە تەعریبکراوەکان.
وەک پۆستی
سەرۆکایەتی و
وەک کورسی
وەزارەتەکان لە بەغدا.
وەک
ووردو درشتی
هەموو
یەکەکانی تر.

هەولێر1995.1.20
ئوپسالا 220.12.2005

* ئەم ورێنە شعرییە یا هەر ناوێکی تر، هەلگرێ لە گەرمەی شەڕی ناوخۆ لە ژمارە(143) 1995.1.31 ی ڕێگای کوردستان بلاوکراوەتەوە، وا جارێکی تر بە هەندێ دەستکارییەوە بلاوی دەکەمەوە.
**. مەبەست عەمروموسای سەرۆکی کۆمکاری عەرەبییە